Royal College of Anaesthetists | Association of Anaesthetists | BOAS British Ophthalmic Anaesthesia Society

# سرکردنەوەی جێگایی بۆ نەشتەرگەری چاوت

ئەم دەقە بۆ دەرخستنەوەی ئایە چاوەڕوانی چیبیت کە نەشتەرگەری چاوت بۆ ئەنجامبدرێت لەڕێی سرکردنەوە جیگایی . ئەم دەقە پسپۆڕانی سر کردنوە ، نەخۆشەکان و نوێنەری نەخۆشەکان نوسیویانە.

## سرکردنەوەی جێگایی بۆ نەشتەرگەری چاو

سرکردنەوەی جێگایی دەرمانێکی تابەتە بۆ ڕاگرتنی هەستکرنت بە ئازار . بۆ نەشتەرگەری چاو لەڕێی قەترە یان دەرزی ئەنجام دەدرێت لەکاتی وەرگرتنەوەی سرکردنەوەی جێگایی تۆ بەردەوام هۆشدار دەمێنیت و ئاگات لە وە کە چیتبۆدەکرێت ئامانج لەوە کە تو لەمیانەی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکدا هەست بە هیچ ئازارێك ناکەیت

### سرکردنەوەی جیگایی سودەکانی چییە ؟

سرکردنەوەی جیگایی هەمیشە کارێکی ئەکتیڤی هەیە کە لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ چاو کە ناهێڵێت هەست بە ئازار بکەی جگە لەوەش:

- تا چەند کاتژمێریك لەدوای ئەنجامدانی نەشتەرگری ناهێلیت هەست بە ئازار بکەیت .
- هەمیشە کاریگەری لاوەکی و مەترسی زۆر کەمترە لە ئەنجامدانی سرکردنی گشتی و بەتایبەتی بۆ تەمەنی گەوورە.
- یارمەتیدەرە بۆ چاکبونی خێراتر و دەرچون بۆ ماڵەوە لەهەمان ڕۆژدا
- هەمیشە ئەتوانت بەردەوامبیت لە وەرکرتنی زۆربەی دەرمانی ڕۆژانەکەت
- ڕیگات پێددات بۆ ئاو و خواردن بخۆی وزیاتر ئازادی وەك لە حاڵەتی سرکردنەوەی گشتی

### من سرکردنەوەی گشتی پەسەندەکەم ; ئایە من بژارم هەیە ؟

- بەڵێ هیچت بەسەر نایێت تا تۆ بگەیتە تێکیشتنێك و قایل دەبیت بۆ ئەوە کە چیت بۆ نەخشەکراوە .
- ئەگەر تۆ سرکردنەوەی گشتی پەسەند دەکەیت ، دەبێ زو گفتوگۆ بکەیت لەگەڵ پسپۆڕەکانی سرکردنەوە و نەشتەرکەرەکان لەوانەیە کە هۆکارێکی پزیشکی دەبێتە ڕێگر لە ئەنجامدانی سرکردنەوەی گشتی بۆ تۆ بۆ سر کردنەوەی گشتی لەوانە پێویستت بە کاتێکی زۆر بۆ چاوەڕوانکردن لە لیستی ڕیزبەندی ئەنجامدانی نەشتەرگەری . هەندێ لە نەخۆشخانەکان توانای ئەنجامدانی نەشتەرگەری لەڕێی سرکردنەوەی گشتییان نییە .

### چۆن سرکردنەوەی جێگایی ئەنجام دەدرێت ؟

دو جۆر لە سرکردنەوەی جێگایی هەیە :

- چەند جۆرێك لە نەشتەرگری دەتواندریت چاو لەڕێی قەترەوە سربکرێت. پێویست بە دەرزی ناکات. دکتۆری نەشتەرگەرییەکەت دەتوانیت پێتبلێ ئایە چ جۆرێك لە سرکردنەوەت پێویستە .
- زۆریك لە نەشتەرگەری پێویستیان بە دەرزی سرکردنەوەی جێگایی . لەم جۆرەدا ئەنجامدانی نەشتەرگەری پێویستە چاوەکە زۆر جێگیربێت - بۆ نمونە نەشتەرگەری شەبەکییەی چاو. لەسەرەتادا قەترە بەکاردێت تا ڕوکەشی چاوەکە سربکرێت . دوایی درزییەکە لێدەدرێت نەك لە خرۆکەی چاو بەڵام لە نزیکی چاوەکە.

### ئایە دەرزی سرکردنەوەی جێگایی ئازار بەخشە ؟

لکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە. قەترەی سرکردنەوە کە بۆ سرکردنەوەی روکەشی چاو لەسەرەتاوە بەکاردێت وادەکات کە بەپێی توانا پشوویەکی باش بە چاوبدات. جۆرێکی زۆر باش لە دەرزی بەکاردێت بەڵام بۆ ماوەیەك کەمتر لە یەك خولەك لەوانەیە هەست بە کزانەوە وپەستانێك دەکرێت

### ئایە سرکردنەوەی جێگایی شیاوە بۆ هەمو کەس کە نەشتەرگەری چاویان بۆ ئەنجامدەدرێت؟

نەخێر بۆ سەلامەتی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکەت لەرێی سرکردنەوەی جێگایی دەبێ ئەم توانایانەت هەبێ :

- بۆ ماوەی ٤٥-٦٠ خولەك بەشێوازێکی شیاو لەسەر پشت تەخت پاڵکەوە
- رێنمایە سادەکان جێبەجێ بکات

سرکردنەوەجێگایی بۆ تۆ شیاو نییە ئەگەر تۆ:

- جۆرێکی ناسراو لە هەستیاری بە دەرمانەکانی سرکردنوەی جێگاییت هەیە
- ناتوانیت بەتەختی پاڵکەویت
- ناتوانیت بەبێ جوڵە و بەئارامی پاڵکەویت (نەخۆشی پارکنسونت هەیە)
- حاڵەتی زو لەبیرچونەوەت هەیە ( حاڵەتی خلافاوی مامناوەندیت هەیە)
- حاڵەتی کۆکینی بێ کۆنترۆڵت هەیە
- توانای بیستنت زۆر کەمە
- توانای تێگەیشتنت لە قسەکاندا زۆر لاوازە
- لەشوێنە داخراوەکان زۆر دەترسیت

ئەگەر یەکێك لەم حاڵەتانەی سەرەوە تیاتدایە دکتۆری نەشتەرکەرییەکەت ئاڵوگۆری بۆچونی لە بژارەکان لەگەڵ دکتۆری سرکردنەوەکە دەکات بەڵام سرکردنەوەی گشتی بەسەند دەکرێت.

### کێ کاری سرکردنەوەی جێگایی بەرێوەدەبات ؟

هەردو دکتۆری نەشتەرگەری و دکتۆری سرکردنەوە مەشقکراون بۆ ئەنجلمدانی سرکردنەوەی جێگایی .

### ئایە هیچ ئاڵۆزییەك هەیە لەئەنجمدانی سرکردنەوەی جێگایی ؟

بۆ زور کەس سرکردنەوەی جێگایی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاو کارێکی زۆر سەلامەتە . جار بەجار بەهۆکاری دەرزییەکە لە شوینەکە ئاوساوی کەم یان شوینەکی رەش لەدەوروپشتی چاوەکە دەردەکەوێت بەهۆکاری ئەزییەت دانی دەمارە وردیلەکانی دەوروپشتی چاو . ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە بەڵام وەك شتێکی ناشیرین بۆماوەی زیاتر یان کەمتر لە هەفتەیەك دەمێنێتەوە. تەتوانیت حەبی ئەسپرین یان دەرمانێکی تر وەرگری بۆ رونکردنەوەی خوین .

لە حاڵەتێکی زۆر زۆر کەم لەوانەیە بەهۆکاری دەرزییەکە ناوچەی دەوروپشتی چاو توشی خوێنبەربون دەبێت بریار لەلای دکتۆری نەشتەرگەری بۆ دواخستنی نشتەرگەرییەکە بۆ رۆژێکی تر .

### ئاڵۆزییە مەترسیدارەکان

مەترسییە گەورەکان لەسەر چاوت کە کاریگەری لەسەر توانای بینینت دەبێت ، کاتێت کە دەمار وردیلەکانی چاو و ماسولکەکانی چاو زەرەرمەند دەبن '' ئەم حاڵەتە دەگمەنانە کە ١ لە ٥٠٠٠ حالەت دەخملێنرێن بەمانای لە کۆی ٥٠٠٠ نەخۆش لەوانەیە یێکێکیان توشی ئەم رەنگدانەوە دەبێت . رەنگدانەوەیەکی زۆر زۆر دەگمەنە کە لەوانەیە توشی دڵت یان هەناسەدانت دەبێت. دکتۆری نەشتەرگەرییەت و دوکتۆر سرکردنەوەکەت دەتوانن زیاتر رونکردنەوە لەسەر ئەم ئاڵۆزی و رەنگدانەوانە بدەن .

## لەپێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری

**ئەگەر بریارتدا بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری دەتوانیت ئامادەکارییەکی زۆر بۆ خۆت ئامادەبکەیت بۆ ئەم کارە و بۆ ماوەی باشبونت.**

- شتێکی زۆر باشە ئەگەر پێشەکی ئامادە کاری بۆ ئەو ماوەیە کە پیویستە بۆ باشبونت و کەسە نزیکەکانت ئاگادار بکەی چۆن یاریدەدەربن بۆ ئەم مەبەستە . بیربکەرەوە چ جوریکی خواردنت پێویستە و چ کەشوهەوایەك شیاوە بۆ تۆ کە یاریدەدەربن بۆ زو باشبونت لەماڵەوە .

- ئەگەر لە هەمان ڕۆژدا گەڕایتەوە ماڵێ و لەژێر حاڵەتی سرکردنەوەی گشتیدا بوی دەبی کەسێکی شیاو لە روی تەمەن وهۆشیاری ئامادەبکەی کە بتگەڕێنێتەوە ماڵێ لەرێی ئۆتۆمۆبیلی خۆی یان تەکسی و بۆ ماوەی ٢٤کاتژمێر لەگەڵتا بمێنێتەوە زانیاری بۆ ئەو کسانە چاودێری کەسێك کە لەژێر سرکردنەوەی کشتیدابو یان بۆ کەسێك کە لەژێر سرکردندابو لەمیانەی ئەم سایتە دەدۆزرێتەوە www.rcoa.ac.uk/patientinfo/sedation
- زانیاری لەسەر ئامادە کاری بۆ کاری نەشتەرگەری بۆ تاریکبونی عەدەسەی چاو لە ساتەکەی خۆیان بەردەستە www.rcoa.ac.uk/patientinfo/cataract

## کلنکی (عەیادە) ی شیاو بۆ هەڵسەنگاندنەوە

کاتێ بڕواری نەشتەرگەری دەسنیشانکرا بێویسە پشکنین بۆ باری تەندروستی نەخۆش ئەنجامبدرێت. دەبێ راپۆرتێکی فەرمی کورت لەسەر باری تەندروستیت بینێریت بۆ لایەنی پەوەندیدار یان بەخۆت ئامادە بیت لە کلیێکی شیاو بۆ هەڵسەنکاندەوەی باری تەندروستیت. هەمیشە کارمەندانی پزیشکی کلینکی شیاوی بۆ هەڵسانگاندنی تەندروستی بەرێوەدەبەن و بە ئامادەبوون چاودێری و ڕێنمایی پزیشکێك

ئەوانە پرسیاری تێروتەسلت لێدەکەن لە سەر باری تەندروستیت بە شێوەیەکی گشتی , چی جۆرێ عیلاج و دەرمان وەردەگری , لەبارەی هەستیاری , ئاستەی چالاکیت . و هەر چی جۆرێك لە فەحصی تایبەت ئاوا لە کلینکەکە بۆت ئەنجامدەدرێت .

جگە لەوەش لەسە باری ماڵوەت لێتدەپرسن تا دڵنیابن لەوەی کە لەدوای ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە تۆ کسانێك بۆ پشتگیری و یارمەتی شیاوت بەردەست دەبێت. شتێکی گرنگە نەخشە دابنێت کە لەدوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە کێ دەتوانێت لەگەڵتا بمێنێت و ئاگاداریت بکا و یارمەتیتبدا بۆ تێکردنی قەترە بۆ چاوت. ئەگەر چاوەکەی ترت کزە شتێکی لەروی پراکتیکەوە گرنگ کە ئەم کارانە بکەی کە ئاماژەیان پێدەکرێت : پارچەکانی ناو ماڵەکت شوێن گۆرکێیان پێبکە تا لە دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە بە ئاسانی لەمالەکەت بجوڵێی .

## لەبارەی وەرکرتنەوە دەرمانی ڕۆژانەت

کارمەندانی کلینکی .شیاوی بۆ هەڵسانگاندنی تەندروستی ئەو دەرمانانە کە دەتوانی وەریانبگری بۆت تۆماردەکەن تکایە پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە ئەم جۆرە دەرماناە کە ڕۆژانە وەریاندەگرین یان خۆیان بێنە یان لستی ناوەکانیان بێنە بۆ کلینکەکە. دەبی هەموو جۆری لە دەرمان کە لەبەر دەستتا هەیە دەرمانەکانی کژوگیایش کە وەریاندەکریت پیشانیان بدەیت.

نزیکەی هەموو ئەو دەرمانانە کە ڕۆژانە دەتخوارد بیانخۆ پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە . هەندی جۆر لە حەب و دەرمان لەوانە پێویستدەکات کە نەیانخۆیت ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە . ڕێنماییت پێدەدرێت کە چی لەو دەرمانانە بخۆی یان نەیخۆی. و گرنگە ئەو ڕێنماییەیانە کە پێتەدەوترێت بەوردی جێبەجێیانبکەیت

ئەگەر تۆ ئم جۆرە دەرمانانە وەردەگری وەك ( clopidogrel, rivaroxaban, warfarin ) یان هەرجۆرێك لە دەرمان کە بۆ ڕونکردنی (ناسککردنی) خوێن بەکاردێن پێویستە ڕێنماییەکی ورد لە سەر چۆنییەتی خواردنیان وەرگریت . لەوانەیە هەندێ دەرمان توشی بارێکی مەترسیدات بکەن ئەگەر وەریاننەگریت لێرەدا دەبێ ڕاوێژکاری لەگەڵ پسپۆڕێك دەربارەی مەترسیداری ئەم دەرمانانە لەسەر تۆ بکەی . ئەم دەرمانانە دەتوانی وەریانگریت لە حالەتی ئەنجامدانی نەشتەرگری بۆ عیلاجی تاریکبونی عەدەسەی چاو

# لەرۆژی ئەنجام دانی نەشتەرگەرییەکە

### دەبێ ڕێنماییەکی ڕون و وورد بدرێ بە تۆ و بزانی کەی ئیتر نابێ نان و ئاو بخۆی .

ئەگەر هیچ ڕێنماییەك کە ڕێگربێ لەوەرگرتنەوەیان نەبو دەتوانی دەرمانەکانی ڕۆتینی ڕۆژانەی خۆت بخۆی . پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە دەبێ هەر ڕێنماییەك دەربارەی خواردنی ئاو و خواردن جێ بەجێ بکەی. بۆ خواردنی حەب دەتوانی ئاو بخۆی بەو جۆرەی پێویست

لە ڕۆژی نەشتەرگەرییەکە ئەگەر توشی کۆکین و هەڵامت بوی دەتوانی پێشوەخت لەرێی تەلەفونەوە دەربارەی ئەم حاڵەتە ڕێنمایی وەرگری . پێویستی هەیە بۆ دواخستنی نەشتەرگەرییەکە .

تکایە هەمو حەب و دەرمانەکانت و ئامێری هەناسەدان ئەگەر هەتبو بیهێنە لەکڵ خۆت تا پزیشکەکان بتوانن چێکیان بکەن.

## چاوکەوتن بە پزیشکی نەشتەرگەرییەکەت

پێشەکی تۆ لەلایەن بزیشکی نەشتەرگەری چاو پسپۆری بینین پشکنینت بۆ دەکرێیت . پزیشکەکان چێکی ئەوەدەکن کە کام چاو بەکاردەهێنرێت و گفتوگۆ لەسەر نەشتەرگەرییەکە لەگەڵ تۆ دەکەن. دەبێ ئیمزای ڕەزامەندی لەسەر فورمی نەشتەرگەرییەکە بکەیت و ئەوان نیشانە دەخەنە نزیك ئەم چاوە کەبەکاردەهێنرێت

## چاوت بە پزیشکی سرکردنەوە

ئەگەر پزیشکی سرکردنەوە ئامادەیە لەگەڵ پزیشکی نەشتەرگەری ئاوا چاوتپێبیاندەکەویت و ئەوان ئامادەن بۆ وڵامی هەر پرسیارێکت هیە دەربارەی سرکردنەوە

جگە لەوان چاوت بە یاریدەدەری سرکردنەوەکان کە ئەوان بە ئاستێکی بەرز مەشقیان پێکراوە و پسپۆرن لە بواری چاودێری پزیشکی . دەتوانی زانیاری زیاتر وەرگری بۆ سەر رۆڵی تیمی یاریدەرەکان و پزیشکەکانی سرکردنەوە لەرێی ئەم لینکە
www.rcoa.ac.uk/patientinfo/anaesthesia-team

## ئەو برسیارانە کە دەتەوێی لە پزیشکی نەشتەرگەری و پزیشکی سرکردنەوە بکەی

- وەك کێ کاری سرکردنم دەکات ؟
- ئایە تۆ ئەم جۆرە لکاری سرکردنەوە بەردوام ئەنجام داوە ؟
- ئایە دەخریمە ژێر کاریگەری سرکردنەوەی جێگاییە ؟
- ئایە ئەم جۆرە سرکردنەوە چی مەترسییەکی هەیە ؟
- ئایە من روبەروی هیچ جۆرێك لە مەترسییەکی تایبەت دەبم ؟
- لەدوای ئەمە هەست بەچی بکەم ؟

## ئایە ئەتوانم شتێك وەرگرم تا پشوبدەم ؟

پزیشکی سرکردنەوە و کارمەندەکانی پزیشکی کل لە شوینەکەدان توانای باشیان هەیە بۆ یارمەتی دانی نەخۆش تا پشو و ئارام بێت . جار بەجار دەرمانی ئارامکەرەوە دەدرێتە نەخۆش . چەند حاڵەتێکی نەخوازراو و کێشەی لەدواوە لەوانیە لەمیانەی نەشتەرگرییەکە روبدات وەك نەخۆش خەوی لێدەکەویت و لەپر رادەچڵەکێت یان خیرایی هەناسەدانی کەمدەبێتەوە . ئەتوانی لەسەر هەر بابەتێکی کە لەلای تۆ گرنگە گفتوگۆ لەگەڵ پزیشکی سرکرندنەوە یان پزیشکی نەشتەر گەری لەسەری بکەی . ئەوان دەتوانن پێت بڵێن کە چی بژارێکت هەیە بۆ ئەنجام دانی نەشتەرگەرییەکە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بابەتی سرکردنەوە دەتوانی سەردانی ویب سایتەکەمان بکەی
www.rcoa.ac.uk/patientinfo/sedation

## دوایی چی رودەدات؟

- دەبێ کراسی تایبە لەبەرکەی بەڵام هەندی نەخۆشخانە رێ دەدا کە بە جلی خۆت بمێنیت دەبێ جلەکانت پشوئامێزن بەتایبەتی لەلای ملت شلن
- بۆ چەند حاڵەتێك لە نەشتەرگەری کارمەندی پزیشکی قەترە دەکات چاوت بۆئەوەی گلێنی گەورەتر ببێت . و بۆ ماوەیەك بینینت لێڵدەبێت
- گرنگە کە پچیتە سەر ئاو (توالێت) پیش جونت بۆ ژوری نەشتەرگەری تا هەست بە پشو بکەیت و بێجولە پاڵکەویت .
- کارمەندێکی پزیشکی لەگەڵتا دەبێ و دەتگەیینێ بۆ ژوری نەشتەرگەری لەسەر کورسی تایە دار یان بەخۆت دەتوانیت بەپێ برۆی .

کارمەندانی ژوری نەشتەرگەری چەند پرسیارت لێدەکەن بۆ دڵنیابون لە پێناسەکەت و چی جۆرێك لە نەشتەرگەری بۆت ئەنجام دەدرێت . و دیسان بۆ دڵنیابون کە چی چاوێك نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدەدرێت و چێکی فۆرمی قایل بونت بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە دەکەن .

## لە ژووری سرکردندا .

بە ئاسوودەی لەسەر قەرەوێڵەی نەشتەرگەرییەکە پاڵت دەخەن . زۆربەی جار پێخەفێک دەخرێتە ژێر ئەژنۆت بۆ کەمکردنەوەی فشاری پشت و ئێسکی سێبەند .

رەنگە پزیشکی سرکردنەکەت چەند ئامێرێکت بۆ دابنێت بۆ چاودێریکردنی :

- دڵت : لکێنەرەکانی سەر سنگت ( هێڵکاری کارەبایی دڵ یاخود . ( **ECG**
- پەستانی خوێنت : رەنگە ئامێرێکی پەستانی خوێن لەسەر قوڵت دابنرێت. کە ئەم ئامێرش پەستانی خوێنت هەر ٥ خولەک بۆ ١٥ خولەک جارێک دەپێویت لەکاتی نەشتەرگەرییەکە . رەنگە کەمێک هەست بە توندبوونەوەی قوڵت بکەیت .
- رێژەی ئۆکسجین لە خوێنتدا : گیرەیەک دەکرێتە ناو پەنجەت (ئۆکسجین پێو) .

ڕەنگە کانولایەک ( بۆرییەکی ئەستووری پلاستیک ) ت بۆ دابنرێت لەڕێی دەرزییەوە بۆناو دەمارێک لە پشتی دەستت یاخود قۆڵت . کانولاکە بە پلاستەرێکی توند بە دەستەوە جێگیر دەکرێت . ئەمەش بۆئەوەیە پزیشکی سڕکەر هەر دەرمانێکت پێویست بوو پێتی بدات

دەستەی سڕکردن دووبارە ناو و ڕێکەوتی لەدایکبوون و ئەو نەشتەرگەرییەی بۆت دەکرێت دەپشکنن بۆ دڵنیابوونەوە .

دواتر پزیشکی سڕکەر یاخود نەشتەرگەری چاو دڵۆپەی چاوت دەداتێ و / یاخود دەرزیەکت لێدەدات بۆ سڕکردنی چاوت .

## وەرگرتنی دەرمانی سڕکردن .

### ئایا دەرزیلێدان بۆ سڕکردنی ناوچەیی ئازاری دەبێت ؟

لەکسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە. ڕەنگە هەست بە چزاندنەوە ، پەستان یاخود ئازار بکەیت کە زۆرجار کەمتر لە خولەکێک دەخایێنێت .

### چی ڕوودەدات دوای وەرگرتنی سڕکردنە ناوچەییەکە ؟

ئەو چاوەی نەشتەرگەری بۆ دەکرێت بە داخراوی دەهێڵدرێتەوە بۆ ڕێگریکردن لە هەرشتێک کە بەر ڕووی دەرەوەی چاوەکە بکەوێت و زیانی پێ بگەیەنێت دەستەی نەشتەرگەری ڕەنگە مەساج ی چاوت بکەن ، پەستان یاخود قورساییەکی کەم بخەنە سەر چاوە داخراوەکە بۆ ئەوەی دەرمانی سڕکردنەکە بە یەکسانی بڵاوببێتەوە .

### چۆن بزانم دەرمانی سڕکردنەکە کاردەکات ؟

پزیشکی سڕکردنەکەت یاخود نەشتەرگەری چاو دڵنیا دەبێتەوە لەوەی چاوت سڕبووە . دەکرێت داوات لێ بکرێت سەیری ئاڕاستەی جیاواز بکەیت بۆ خەمڵاندنی کاریگەری دەرمانی سڕکردن . کاتێک دڵنیابوونەوە لەوەی دەرمانە سڕکەرەکە بە باشی کار دەکات ، ئەوا دەتبەن بۆ ژووری نەشتەرگەری .

### چی ڕوودەدات لە ژووری نەشتەرگەری ؟

- ئامێرەکانی چاودێریکردنی دڵ و ترپەی دڵ دووبارە جێگیر دەکرێنەوە .
- پەرستارەکە دڵنیا دەبێتەوە لەوەی بە ئاسوودەیی پاڵکەوتویت .
- دەستەی نەشتەرگەری دووبارە وردەکارییەکانت دەپشکنن بۆ دڵنیابونەوە و دڵنیا دەبنەوە لەوەی هەموو ئامێرەکان بە دروستی دانراون .
- دەکرێت ئەندامێکی دەستەکە پێشنیاری ئەوەت بۆ بکات بەدرێژایی نەشتەرگەریەکە دەستت بگرێت .
- چەرچەفێکی پاکژکراوی تایبەت بە نەشتەرگەری لەسەر دەموچاوت وەکو ڕووپۆش دادەنرێت بۆ پاک ڕاگرتنی ناوچەی دەوروبەری چاوت . چەرچەفەکە کونێکی تێدا دەبێت بۆ ئەوەی نەشتەرگەرەکە بتوانێ ئیش لەسەر چاوت بکات .
- ڕەنگە بۆرییەکت بۆ دابنرێت لەژێر چەرچەفەکەوە کە هەوا / ئۆکسجینی پاک لە دەوروبەری دەم و لوتت بڵاودەکاتەوە . ئەمە بۆ ئەوەیە هەست بە ئاسوودەیی بکەیت لەکاتی نەشتەرگەری .

ئەو ناوچەیەی دەوروبەری چاوت بە شلەیەکی سارد پاک دەکرێتەوە . لە کاتی نەشتەرگەریدا ، ئاو بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی چاوت بە شێداری بمێنێتەوە . هەرچەندە هەوڵی تەواو دەدرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە هاتنە خوارەوەی ئەم ئاوە بەسەر قەراغی ڕووخساردا ، بەڵام هەندێکجار ڕێگریکردن لێی زەحمەتە .

### دەتوانم لەکاتی نەشتەرگەری قسەبکەم ؟

باشتر وایە قسەنەکەیت لەوکاتەی نەشتەرگەرەکە ئیش لەسەر چاوت دەکات ، مەگەر خۆی پرسیارێکت لێ بکات . جوڵاندنی سەرت ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر نەشتەرگەریەکە . ئەگەر ویستت شتێک بڵێیت ، باشتر وایە دەستت ڕابوەشێنیت بۆئەوەی نەشتەرگەرەکە بوەستێت لەکارکردن و تۆش بتوانیت قسەکەت بکەیت .

### چی دەبیستم ؟

گوێبیستی نەشتەرگەرەکە دەبیت کە قسە بۆ تیمی نەشتەرگەری دەکات لەکاتی نەشتەرگەری . ئامێرەکانی ناو ژوورەکە ڕەنگە دەنگی هەمەجۆر دەربکەن . ئامێری چاودێری دڵەکە دەنگی ' بیپ ' دەردەکات . هەندێک لە ئامێرەکان هەر خولەکێک و جارێک پەیامەکان بە دەنگی مێ دەخوێننەوە . ئەمەش بۆ ئاگادارکردنی نەشتەرگەرە لە گۆڕانەکانی دەوروبەر . ئەگەر نەشتەرگەرەکەت بیەوێت جووڵەیەک بکەیت ، بۆ نموونە تۆزێک چەناگەت بەرز بکەیتەوە ، ناوت دەهێنێت . ئەگەر ناوی نەهێنایت ، ئەوا پێویست ناکات کاردانەوەت هەبێت .

### ئایا هیچ دەبینم ؟
زۆرجار دەتوانیت ڕووناکی بەهێز ببینیت و ڕەنگە هەندێک جوولەش ببینی لەکاتی نەشتەرگەری . لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە. هیچ وردەکارییەک نابینیت و شتەکان تەڵخ دەردەکەون .

### چی دیکە ڕوودەدات ؟
نەشتەرگەر بەئامێری دروست کارەکانی دەکات کە دەخرێنە ناوەوەی چاوت - چاوت لە شوێنی ئاسایی خۆی لانابردرێت .

### ئایا هەست بەئازار دەکەم لەکاتی نەشتەرگەری ؟
ئاگات لەوە دەبێت کە نەشتەرگەرەکەت ئیش لەسەر چاوت دەکات و زۆرجار هەست بە هەندێک بەرکەوتن و پەستان دەکەیت . هەرچەندە نابێت لەو کاتەدا ئەزموونی هیچ ئازارێک بکەیت . لەکاتی نارەحەتی و ئازاردا ، پزیشکەکانت ئاگاداربکەرەوە بۆ ئەوەی دەرمانی سڕکردنی زیاترت پێبدەن ئەگەر پێویست بوو .

### چی ئەگەر چاوم بتروکێنم ؟
گیرەیەکی بچووک پێڵووی ئەو چاوە بەکراوەیی دەهێڵێتەوە کە نەشتەرگەری بۆ دەکرێت . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هێشتا دەتوانیت چاوەکەی دیکەت بتروکێنیت . کێشە نابێت چاوت بتروکێنیت ، بەو مەرجەی سەرت نەجوڵێنیت .

### چی ئەگەر بمەوێت ئاوربدەمەوە ، بکۆکم ، قوڕگم پاک بکەمەوە ، یاخود لووتم بخورێنم ؟
دەبێت بە باشی پاڵکەویت بە شێوەیەکی ئاسوودە . دەبێت نەشتەرگەرەکەت ئاگاداربکەیتەوە لە هەر جووڵەیەک جێی مەترسی بێت ( وەکو کۆکین و خوراندن یاخود ڕووەوەرگێڕان بۆ ئەوەی شوێنەکەت چاک بکەیت ) . نەشتەرگەرەکە لە نەشتەرگەرییەکە دەوەستێت و دەتوانیت بجوڵێیت.

### چی ئەگەر خەوملێبکەوێت لە ماوەی نەشتەرگەرییەکە؟
گرنگە کە بەخەبەر بیت لە ماوری نەشتەرگەرییەکەدا چونکە دەکرێت جوڵەی لەناکاو لەکاتی لەخەو هەڵسان مەترسیی زیانگەیاندن بە چاوت دروستبکات. نەشتەرگەرەکە بەردەوام ئاگای لێت دەبێت تاکو بەخەبەر و ئاسوودە بیت. هەروەها لە هەر کاتێکیش ئاگادارت دەکەنەوە کە پێویستە تێیدا بە تایبەتی وریا بیت.

### من میزڵدانم لاوازە. چی ئەگەر پێویست بوو بچم بۆ تواڵێت؟
زۆر گرنگە کە بە ماوەیەکی زۆر کەم پێش ئەوەی ببرێیتە ژووری نەشتەرگەری میزەڵدانت بەتاڵبکەیتەوە. لە حاڵەتێکدا کە زۆری بۆ هێنایت و نەتتوانی ڕاییگریت، تکایە تیمی نەشتەرگەری ئاگاداربکەرەوە و ئەوانیش هەنگاوی پێویست دەگرنەبەر بۆ یارمەتیدانت.

### ئایا لە نیوەی نەشتەرگەرییەکەدا هەست بە ئازار دەکەم؟
بەڵێ لە هەندێک نەشتەرگەریدا، دەکرێت دەرمانی سڕکەرەکە کاریگەری نەمێنێت. ئەگەر لە هەر کاتێکدا هەستت بە نائاسوودەیی یان ئازار کرد، پێویستە نەشتەرگەرەکە ئاگاداربکەیتەوە.

### ئایا نەشتەرگەرییەکە چەند کاتی پێدەچێت؟
زۆربەی نەشتەرگەرییەکان نیو کاژێر بۆ کاژێرێکیان پێدەچێت. هەندێکیشیان دەکرێت دوو کاژێر بخایەنن. نەشتەرگەرەکە بەنزیکەیی پێتدەڵێت کە بۆی هەیە چەندێک بخایەنێت.

### ئایا دەتوانم ئامێری یاریدەی بیستنەکەم لە ماوەی نەشتەرگەرییەکەدا بەکاربهێنم؟
ئاسایی ئامێری یاریدەی بیستن لادەبرێت ئەگەر لە هەمان لادا بوو لەگەڵ ئەو چاوەی نەشتەرگەرییەکەی بۆ دەکرێت چونکە تەنانەت ئەگەر ئاگاداریش بین، هێشتا دەکرێت ئاو بچێتە ناو گوێیەکە و ئامێرەکە تێکبچێت و ژاوەژاو دروستبکات. دەتوانیت ئامێرەکە لەو لایە بنەستیت کە نەشتەرگەرییەکەی لەسەر جێبەجێناکرێت.

# پاش نەشتەرگەرییەکە

## پەرستارێک بە کورسییەکی پێچکەدار دەتباتەوە قاوشەکە. لەوانەیە چاوت دوو بۆ سێ کاژێر بە سڕی بمێنێتەوە، هەرچەندە دەکرێت زیاتریش بخایەنێت.

لەوانەیە چاوت بە لەزگە و لەفاف داپۆشرێت تاکو ڕۆژی داهاتوو، ئەمە بۆ پاراستن و ڕێگریکردنە لێت کە بیخورێنیت لەکاتی خەودا. کاتێک لەفافەکە لێدەکرێتەوە، لەوانەیە بۆ چەند کاژێرێک تووشی جووتبینی ببیت.

### کەی دەتوانم بخۆم و بخۆمەوە؟

دەتوانیت هەر کە چوویتە قاوشەکە بخۆیت و بخۆیتەوە.

### کەی دەتوانم بەچمەوە ماڵەوە؟

کاتێک هەستت بەباشی کرد و شتێکت خوارد، دەتوانیت بچیتەوە ماڵەوە.

ئەگەر خەواندنت بۆ کرابوو، پێویستە کەسێکی پێگەشتووی بەرپرسیار بە ئۆتۆمبێل یان تاکسی بتباتەوە ماڵەوە. نابێت تاکو ٢٤ کاژێر چاودێری منداڵ بکەیت و پێویستە شوێن ئەو ڕێنماییانە بکەویت کە لەم نامیلکەیەی خوارەوەدا هەن.

لە نامیلکەکەمان بە ناوی "گرنگیدان بە کەسێک کە تازە سڕکردنی گشتی یاخود خەواندنیان بۆ کراوە" کە لە پێگەکەمان بەردەستە، دەتوانن زانیاریی پێویستە بۆ ئەو کەسانەی ئاگاداری کەسێک دەبن کە تازە سڕکردنێکی گشتی یان خەواندنیان بۆ کراوە بدۆزنەوە.
لینکی پێگە: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/sedation

پەرستاری قاوشەکە زانیاریت دەربارەی هەر دەرمانێک کە پێویستتە و ڕێنمایی نوسراوت دەداتێ. دەکرێت پاش تەشتەرگەری قەترەی چاو بەکاربێت بۆ کەمکردنەوەی سووبوونەوە و هەڵاوسان و ڕێگریکردن لە هەوکردن. ئەگەر پێویستی کرد بگەڕێیتەوە بۆ بینگەکە بۆ پشکنین، دەربارەی ئەمە قسەت لەگەڵ دەکرێت.

### ئایا ئازارم دەبێت؟

لەوانەیە هەست بە هەندێک ئازار بکەیت بەهۆی نەشتەرگەرییەکەوە پاش نەمانی کاریگەریی دەرمانی سڕکردنەکە. لەوانەیە پێویستت بە ئازارشکێنێکی وەک پاراسیتامۆڵ ببێت.

ئەگەر هەستت بە ئازارێکی زۆر کرد، تکایە پەیوەندی بەو ژمارەیەوە بکە لەسەر پەڕاوەکانت چونکە ئەم ئازارە شتێکی ئاسایی نییە و دەکرێت نیشانەی کێشەیەک بێت.

### ئایا پێویستم بە هیچ گرنگیپێدانێکی تایبەت دەبێت؟

- واز لە خوراندنی چاوت بێهێنە.
- چاوت بپارێزە لەوەی شتێکی تێبچێت (بەتایبەتی لەکاتی بای توندا).
- بۆ ماوەیەک دووربکەوە لە هەڵگرتنی شتی زۆر قورس، ڕاهێنانی سەخت و مەلەکردن، بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو دەستەیەی چاودێریت دەکەن.
- ئەگەر توانای بینینت خراپتر بوو یان چاوەکە ئازاری زیاتر بوو، پێویستە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نەخۆشخانەوە بکەیت بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی.
- بەبێ ڕێنمایی پزیشکەکەت عەدەسەی چاو بەکارمەهێنە.

هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە زانیارییەکانی ناو ئەم بروشورە بێ هەڵە و نوێ بن، بەڵام ناتوانین دڵنیایی لەم بارەیەوە بدەین. ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین ئەم زانیارییە گشتیانە وڵامدەرەوەی هەموو پرسیارێکتان بن و هەڵگری هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێوە گرینگن. باشتر وایە بڕیارەکانتان و هەر جۆرە نیگەرانییەکتان بە تیمی پزیشکیی خۆتان ڕابگەیەنن و ئەم بروشورە وەك ڕێنوێنێك بەکار بێنن. ئەم بروشورە باشترە وەك تاکە سەرچاوەی ئامۆژگاری لەبەر چاو نەگیرێت. نابێت بۆ مەبەستی تیجاری و پیشەیی بەکار بهێنرێت. بۆ ئاشکراکردنی تەواوەتی، تکایە کرتەیەك لێرە
(www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani) بکەن.

هەموو وەرگێڕانەکان لەلایەن گرووپی «وەرگێڕانی بێسنوور» ئامادەدەکرێن و تێکستەکان لە رووی کوالیتییەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی تا ئەو جێیەی بکرێت بێ هەڵە بن، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان هەڵەیان تێدا بێت یان زانیارییەکان بە درووستی وەرنەگێڕدرێنەوە.

# بۆچوونی خۆتمان پێ بڵێ

پێشوازی لە پێشنیارەکانتان دەکەین بۆ باشترکردنی ئەم نامیلکەیە.

ئەگەر هەر تێبینییەکت هەیە حەزدەکەیت بیگەیەنیت، تکایە ئیمەیڵ بکە بۆ: patientinformation@rcoa.ac.uk


کۆلێجی ڕۆیاڵ بۆ پزیشکانی سڕکەر
چەرچڵ هاوس، گۆڕەپانی ڕێد لاین ٣٥، لەندەن WC1R 4SG
020 7092 1500


## www.rcoa.ac.uk


چاپی پێنجەم، شوباتی ٢٠٢٠


ئەم نامیلکەیە پاش ڕۆژی دەرچوونی، لە ماوەی سێ ساڵدا پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.


©٢٠٢٠ کۆلێجی ڕۆیاڵ بۆ پزیشکانی سڕکەر

دەکرێت ئەم نامیلکەیە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی زانیاریی نەخۆش کۆپی بکرێت. تکایە ئاماژە بەم سەرچاوە سەرەکییە بدە. ئەگەر حەزدەکەیت بەشێک لەم نامیلکەیە بەکاربهێنیت لە بڵاوکراوەیەکی دیکەدا، دەبێت دانپێدانانی گونجاو بکرێت و لۆگۆ، مۆر و وێنەکان بسڕێنەوە. تکایە بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە